مەسرور بارزانی: یەکێتی ئافرەتان قوتابخانەیەک بووە بۆ پێگەیاندنی چەندین ئافرەتی بەتوانا و سەرکرد



مەسرور بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پەیامێکدا بە بۆنەی(71)مین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان پیرۆزبایی ئاراستەی سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و سەرجەم ئافرەتانی کوردستان دەکات و رایدەگەیەنێت: یەکێتی ئافرەتان قوتابخانەیەک بووە بۆ پێگەیاندنی چەندین ئافرەتی بەتوانا و سەرکرد.

لە پەیامی مەسرور بارزانی، هاتووە: "لە (71)مین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستاندا، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و سەرجەم ئافرەتانی کوردستان دەکەم و هیوای پێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاتریان بۆ دەخوازم. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ڕێکخراوێکی گرنگ و دیاری لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا گەلاوێژ و قوتابخانەیەک بووە بۆ پێگەیاندنی چەندین ئافرەتی بەتوانا و سەرکرد".

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەدا مەسرور بارزانی، رایگەیاندووە: "پابەندبوونی خەمان بۆ پاراستنی مافەکانی ئافرەتانی کوردستان و بەهێزکردنی ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتان لە بەڕێوەبردن و پێڕەچەدانی

توانا کانیان دووپات د کینو"